www.kurdistannet.org 15-2-2003

تورکیا لەڕەگەز پەرستیدا سەردەستە
تۆ بڵێی جیهان هاوچەشنی ڕەگەزپەرستی تورکیای تیابێت ؟
تورکیا لە ڕەگەزپەرستی باشووری ئەفریقاش کۆنەپەرست ترو دڕندەتر و ماڵوێرانکەرترە.
ئیسماعیل بێشکچی

## نازا کردنی(عقیم) کردنی ژنانی کوردلە تورکیا بەزۆر

دەوڵەتی تورکیا ماوەیەك بوو لافی بەرنامەڕێژی و ڕێکخستنی خانەوادەی لە پارێزگای دیاربەکر و دەوروبەری لێدەدا، بەڵام ئەم بەرنامەیەی تورکیا بەپێی وتەی پارێزەرانی مافی مرۆڤ بێجگە لەبەکار هێنانی شێوازێکی فاشیستیانە بۆ کۆنترۆڵکردنی ژمارەی دانیشتوانی کورد هیچ شتێکی تر نەبووە، ڕۆژنامەی فرانکفۆرتەر ڕوندشاو(Frankfurter Rundschau) ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ(IHD) بڵاو کردۆتەوە تیایدا ئەڵێ: گروپێکی سێ کەسی لەمانگی شوباتی 2002 دا چون بۆ گوندی کرماسیرت (Kirmasirt) ئەم گروپە کەکارمەندی وەزارەتی تەندروستی بوون ، بەژنانی ئەو گوندەیان وتووە کەئەوان مامانن و لە دیاربەکرەوە هاتوون بۆ ئەوەی یارمەتی ئەو ژنانە بدەن کەلە پێنج مناڵ زیاتریان هەیە ، ڕێنماییان ئەکەن بۆ ئەوەی چیتر مناڵیان نەبێ. بۆ ئەم مەبەستەش ژنان سەردانی ( کلینیك)عیادەکان بکەن بەنەشتەرگەرییەکی بچوك و بێ زیان جۆگەی هێلکەدانیان ئەبەستن. کاتێکیش ئەو ژنانە ویستیان مناڵیان ببێ ئەوا بە هەمان نەشتەرگەری جۆگەی هێلکەدانیان ئەکەنەوە. دەوڵەتی تورك پارەی نەشتەرگەری و هاتووچۆی ژنە کوردەکان ئەدات، حەوت ژن ئەم نەشتەرگەریەیان بۆ کراوە، بەڵام پاشان تووشی دەردو ئازارێکی زۆر بوون و کەس فریایاننەکەوتووە . پارێزەرانی مافی مرۆڤ لە تورکیا ڕەخنەی توندیان لەم شێوازەی تورکیا گرتووە و ئەڵێن کە تورکیا ڕێگەی گونجاوی بۆ پێشگیری لەمناڵ بوون (منع الحمل) یان بەژنانی کورد نەووتووە پێیان نەگوتوون کەئەم عەمەلیاتە ئەبێتە هۆی نازا بوونی یەکجارەکی ژنان، هەروەها ئەم کارە پێچەوانەی یاسایە چونکە پرس و ڕا بە مێردی ئەو ژنانە نەکراوە، بۆیە تاکو ئێستا نازانرێ چەند ژنی کورد بەم شێوەیە نازاکراون.
ڕێکخستنی ژیان و خانەوادە کارێکی چاکە بەڵام ئەبێ بەشێوەیەکی یاسایی ئەنجام بدرێ، نەك مەبەستێکی سیاسی لەپشتەوە بێ، دەوڵەتی تورکیا لە90 کانەوە دستی بەجێبەجێ کردنی پلانی بەزۆر نازا(عقیم) کردنی ژنانی کورد کردووە پاش ئەوەی کە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورك ڕایگەیاند کە ژمارەی دانیشتوانی کورد لە زیادبووندایە ، ئەمەش خەتەرە بۆ سەر تورکیا.
ڕادیۆ سەدای ئەڵمان- بەشی فارسی
ماڵپەڕی پیك ایران – فارسی

لە خەو ڕابن مرۆڤ دۆستان بزانن چۆن داگیرکەرە فاشیەکان کوردستانیان کردووە بەتاقیگەو تاقیکردنەوە لەسەر ئینسانەکانمان ئەکەن .
لە خەو ڕابە برای کوردی خۆشباوەڕم ، ئەی ئەوانەی وائەزانن بەباسکردنی ئەم زامانەی میللەتەکەی خۆیان کۆمۆنیستیەکەیان بە بیری ناسیۆنالیستی لەکەدار دەبێ .

هەردی عەبدول